# ئەوروپا Pesco دروست دەكات.



هەڵۆ بەرزنجەیی

٢٠١٧/١١/١٤




لەگەڵ هاتنە سەر کاری ڕۆنالد ترامپ، سیاسەتی ئەمەریکا گۆڕانێکی بنچینەیی بەسەردا هات. لەوە بگەڕی کەس چاوەڕێی سەرکەوتنی کەسایەتی وەک ناوبراوی نەدەکرد، لێ دەرکەوت لە کۆمەڵگایەکی هەرە پێشکەوتووی وەک ئەمەریکاشدا، پۆپۆلیزم دەتوانێ کاریگەرێتی خۆی بەدیار بخات و تاکەکان بە قازانجی خۆیان، لەسێبەری سیاسەتدا خەون و پلانیان وەگەڕ بخەن.

دەرکەوتنی دۆنالد ترامپ و ڕاگەیاندنە بەناوبانگەکەی America is first، جیهانی هەژاند، بەتایبەتیش دڵی ئەوروپای هێنایە لەرزە. بۆیەکا کەسایەتی ناوبراو لە ئاستی ئەوروپادا پێشوازییەکی گەرمی لێ نەکراو و میدیاکانیش هەردەم بە ڕەخنە و ساتیر و ترسەوە باسی دەکەن و چاوەڕێی سەبرایزی گەورەن لەم کەسایەتییە. تۆ هەرچی دەڵێیت و چۆن بیر دەکەیتەوە،ئەو ڕاستییە ناتوانی فەرامۆش بکەیت، کەواتە کەسەکان،تاکەکان ڕۆڵیان هەیە و بە میزاج بێت یاخود هەر خەسڵەتێکی تر،وا دەتوانن ڕۆڵ بگێڕن و جێ پەنجەی خۆیان بەسەر مێژووەوە تۆمار بکەن. بەم پێیە کەسێ بۆ کەسێکی تر جیاوازە و هاوشان سیاسەتەکەش جیاوازە. هەروەک ئەوەی جیاوازی گەورە لە نێوان ئۆباما و ترامپ دا بەرچاو دەکەون.



ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١١/١٣،لە برۆکسلی پایتەختی یەکێتی ئەوەروپا، ٢٢ وڵات لە کۆی ٢٨،ڕێکەوتننامەیەکیان لە نێوان خۆیان دا واژۆ کرد، بە ناونیشانی Permenent Structured Cooperation(PESCO). کە بە "هاوپەیمانێتی ئیرادە" ش دەکرێت بناسرێت.

ئەم ڕێکەوتننامەیە وەزیرانی دەرەوە و بەرگری وڵاتانی ناوبراو، پێکیان هێنا و هەردوو وڵاتی فەرەنسا و ئەڵمانیا بەشێوەی سەرەکی بە داینەمۆی ئەم کارە دادەنرێن. بەتایبەت فەرەنسا، چونکە هەر لە دەستبەکاربوونی Emmanuel Macron ئیمانۆئێل ماکرۆن، وەک سەرۆکی فەرەنسا لە ٢٠١٧/٥/٧ دا،ناوبراو لە وتارێکی بەناوبانگی دا، لە شاری ئەسینای یۆنان لە ٢٠١٧/٩/٧ دا، داوای گۆڕانی بنچینەیی لە ستراکچەری ئەوروپادا کرد. لەم ڕووەوە پرۆژەیەکی ٦ خاڵی پێشکەش کرد،بە یەکێتی ئەوروپا،کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێ کەوتەوە.

١)وەزیری دارایی هاوبەش بۆ زۆنی ئەوروپا.

٢) یەکێتی ئەوروپا پارە بۆ ناوماڵی خۆی وەرگرێ.

٣) فۆنتێکی بەرگری ئەوروپایی دروست کرێ.

٤)هاوڵاتییان ئینتەگراسیۆنی پەنابەران بەرەوپێش بەرن،واتە خەڵک هاوکاری حکومەت بکەن.

٥)سنوورێکی سوور نیشانی بەریتانیا و برێکسیدەکەی بدرێ و هیچ گفت و ئیمتیازێکی تایبەتی نەدرێتی.

٦) ئەڵمانیا و فەرەنسا ڕۆڵی سەرەکی یەکێتی ئەوروپا بگێڕن.

شایانی ئاماژە پێدانە کە ٦ وڵاتی یەکێتی ئەوروپا{بەریتانیا،پورتوگال،دانیمارک، ئیرلەندە و ماڵتا} بەشداری،ئەم یەکێتییەیان نەکردووە،لێ دەرگا واڵایە بە ڕوویان دا، هەر کاتێ ئارەزوو بکەن ببنە ئەندام.

لەڕاستیدا ئەم هەنگاوە، بەشیوەیەکی سەرەکی وەک وەڵامێکە بۆ سیاسەتی ئەمەریکای ترامپ،کەوا ئامادە نییە بێ مەرج هیچ هاوکارییەکی ئەوروپا بکات. ترامپ بە ئاشکرا دەڵێ: دەبێت ئەوروپا خۆتان بەتەنگ کێشەکانی خۆتانەوە بچن و بێ بەرامبەر ئەمەریکا هیچتان بۆ ناکەین.

کەواتە ئەو ئاسایش و ئارامییەی باڵی بەسەر ئەوروپادا کێشاوە، لەمەوپاش بێ ئەمەریکا دەکەوێتە مەترسییەوە. بەتایبەتی هاوکاری ئەمەریکا بۆ ئاسایش و پاراستنی ئەوروپا کێش و سەنگی گەورەی خۆی هەیە. ئەمەش بەو مانایەی فاکتێکی سیاسی - سیاسەتی ئەمەریکا یاخود ترامپ - بە دژی ئەوروپایە، یاخود مەترسیی و هەڕەشەیە. هاوکات لە رووی هەڵکەوتی جوگرافیاییشەوە، هەمان کیشوەر و وڵاتەکانی EU ،بەردەوام لەبەردەم هەڕەشە و گوڕەشەی رووسیای پۆتین دان. ئەم وڵاتە جارێکی تر بە هەژموون و هێز و کاریگەرێتییەکی نوێیەوە، هاتۆتەوە سەر سانۆی سیاسەتی جیهانی. واتە یەکێتی ئەوروپا لە دوو بەرەوە هەڕەشەی لەسەرە و کەوتۆتە بەردەم دوو بەرداش. ئەم دیاردە و گۆڕانە نوێیانە،بەتاییەت وایان لە سەرۆکی فەرەنسا کردووە، کە بیر لەناوماڵی خۆیان بکەنەوە و بەدوای دەرچەیەکی پراکتیکی نوێدا بگەڕێن. وەک ئاشکرایە فەرەنسا بێ ئەڵمانیا هیچ هەنگاوێکی سیاسی لەم مەیدانەدا بۆ نانرێ. ئەڵمانیاش بەو هەژموونە ئابوورییە بەهێزەیەوە لە دنیادا کە هەیەتی، هەم کەس نایەوێ دەستبەرداری بێت و بیخاتە دەرەوەی بازنە دۆستایەتیکردنەوە و هەمیش خۆی دەیەوێ وەک زلهێزێکی ئەوروپایی ڕەفتار بکات و ڕۆڵ بگێڕێت. هاوسات لەپاڵ ئەم هاوپەیمانێتییە نوێیەدا، خۆی بەهێزتر نمایشت بکات و وەک دەرفەتێ بیقۆزێتەوە،بۆ خۆ دەربازکردن، لەژێر هەژموونی سیاسەتی ئەمەریکا دا.



دیارە بیرۆکەی یەکێتی ئەوروپا،کۆنترە لەوەی ئێستا باسی لێوە دەکرێت، لێ لە ڕابووردوودا هەردەم بەریتانیا ئاستەنگی بۆ هێنانەدی ئەم بیرۆکەیە دروست کردووە. ئەویش لەبەر ئەوەی خودی بەریتانیا دۆستایەتییەکی پتەوی لەگەڵ ئەمەریکاداهەبووە و هەیە و نایەوێت ئەم خاڵە ئەرێنییە،کەسی تر لێی سوودمەند بێت و هاوکات،یەکگرتنی ئەوروپا لەم مەیدانەدا، دەبووە ڕێگری گەورە، لەبەردەم زۆر سیاسەتی نازونوزاوی بەریتانیا.

جا لەوەتەی بەریتانیا Brexit لە مانگی ٢٠١٦/٦ دا کردوو، ماڵی خۆی لە یەکێتی ئەوروپا جیاکردەوە، ڕیگای هێنانەدی خەونی یەکێتییەکی ئەوروپایی، بێ ئەمەریکا ئاسان تر بووە. دیارە ئەم یەکێتییە ئەلتەرناتیڤی ناتۆ نییە، وەک بەرپرسە ئەوروپاییەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەڵکو زیاتر هەوڵێکی خوقوتارکردنە لەو وابەستەییانەوە، بە سیاسەتی خۆپەرستانەی ئەمەریکاوە. بەواتایەکی تر ئەو ئەرک و خەرجییانە بەرامبەر بە ئەمەریکا دەکەوێتە سەرشانیان،بۆ ناوماڵی خۆیان تەرخانی بکەن. ئەنگێلا مێرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا دەڵێ" ئەو سەردەمەی ئێمە بەتەواوی پشتمان بە کەسانی تر دەبەست،ئێستا مەودایەکی فراوانە بەجێمان هێشتووە ". واتە ئێمەش نۆرەمانە بڵێین Europa first.

خەرجی بەرگری یەکێتی ئەوروپا نزیکی ٢٠٠ ملیارد یۆرۆیە لە ساڵێکدا. کەواتە هاوپەیمانێتی ئیرادە،دەیانەوێ ڕۆڵیان لە ڕووداوەکانی دنیادا هەبێت بەشە کێکی خۆیان، لە دابەشکردنەوەی دنیا، یاخود ئەو گۆڕانە چاوەڕوانکراوانەی وان بەڕێوە مسۆگەر بکەن. وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ٣٠%،بڕی پارەی بەرگریی خەرج دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی ئەوروپا ١٥ % ئەو توانا سەربازییانەی دەست دەکەوێ، کە ئەمەریکا دەیان کرێ. دوای هەڵسەنگاندنێک گەر بێت وڵاتە ئەوروپاییەکان، باشتر بڕیار و هەڵسوکەوت بکەن، لە توێژینەوە و خۆچەکدارکردن و بەشداری کردن لە ڕووداوەکان دا، دەتوانن ساڵانە ٥٠ ملیارد رەها بکەن و بۆ شتگەلێکی دیکەی خەرج بکەن. یەکێتی ئەوروپا دەیانەوێ کارە سەربازییەکان هاوبەش بکەن و وەک یەک هێز بەشداری ڕووداوەکان بکەن و بە کورتی، خۆیان بکەنە جەمسەرێکی نوێ لە هەمبەر هەردوو بەرەی ئەمەریکا و رووسیا.

دیارە هۆکارێکی تری زۆر کاریگەر هەیە، بە پەردەپۆشی ماوەتەوە، ئەویش کێشەی پەنابەران و تیرۆرە. ئەوروپاییەکان دەیانەوێ باشتر خۆیان گورج بکەنەوە و ئەو فشۆڵییەی لە سێبەری بیرۆکراتی و پرسگەلی مافی مرۆڤ و هاوڵاتیتییەی هەیانە نەبێتە مایەی ئەوەی،لەلایەنی دیکەوە خراپ بەکار بهێنرێ و بێتە مایەی ئەوەی زیانیان لێ بدات.شانبەشانی ئەمەش بە پێویستی دەزانن هێزی ئامادەیان هەبێت،بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک،وەک ئەوەی لە برۆکسل و مەدرید و بەرلین و پاریس بەسەریاندا هات.

بۆ نموونە، لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا دا، لە ٢٠١٦/١٢/١٩ دا تیرۆرستێکی مەغریبی بەناوی ئەنیس عامری کردەوەیەکی تیرۆری لە بازاڕێکی کریسمیس دا ئەنجام دا،ڕەخنە گازندەییەکی زۆر لەسەر

حکومەتی ئەڵمانی و دەزگای ئاسایش و پۆلیس دروست بوو، چونکە تاوانبار پێشتر چەندین جار گیرابوو،بە تۆمەتی جیاواز جیاواز و گومانی کردەوەی تیرۆریستیشی لێ دەکرا و بەڵگەنامەکانیشی ساختەبوون،کەچی ئەو هەموو دەزگایە، نەیتوانی رێگری لەو عامری بکات و ١١ کەس بوونە قوربانی کارە تیرۆریستییەکەیی و ٥٥ کەسیش بریندار بوون.

لەو رۆژەوە دەیان لیژنە و کۆمیسیۆنیان دروست کردوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە مەلەفی عامری. رۆژی ٢٠١٧/١٠/١٢،دوای نێزیکی ١٠ مانگ راپۆرتێکی دورودرێژ دەرچوو،تێیدا ڕەخنەی توند لەدامودەزگاکانی ئەڵمانیا و بەرلین دەگرێ، کەمتەرخەم بوون بەرامبەر، بە کەسێکی تیرۆریست. دواجار داوایان کرد ئەم روداوە بێتە مایەی پەند و وانە لێوە فێربوون. گەر سەرنجێکی کورت بدەین و بپرسین،ئەی کورد لە کوێ ئەم نموونە و تاقیکردنەوانەدایە؟. ساتێ تێگەیشتین مەترسی و بەرژەوەندیی دوو هۆکاری ئەم هەموو گۆڕان و بەرەوپێشچوون و گردبوونەوە و ماڵ جیایی هێز و لایەنەکانە لە کیشوەری ئەوروپای هەرە پێشکەوتوودا،ئەی نەتەوەیەکی داگیرکراوی بە چوار دوژمن دەورە دراو، خەریکی چییە و بەرنامە و پلانی بۆ هەڕەشەکانی سەر بوون و هەبوونی کامانەن؟.

مخابن سەرباری ئەوەی مێژووی کوردستان لە هەموومان ئاشکرایە و دوژمنەکانیشی ناسراون و دوو هەزارساڵ بندەستی و ئەزموونی جۆراوجۆری لەبەردەستدایە، کەچی هەتا ئێستاش نەتوانراوە"

- کۆنگرەیەکی نەتەوەیی یان هەر ناوەند و ناوێکی تری جێی بڕیاردانی کورد ساز بدرێت.

- بەرەیەکی کوردستانی لە هیچ پارچەیەکی کوردستان دا پێک نەهاتووە.

- دۆسییەکی هاوبەشی ئامادەی کوردی نییە، هێز و لایەنە سیاسییەکان لەسەری کۆک بن و بۆ ناوەندەکانی بڕیاردان بەدەستیانەوە بێت.

- پرۆژەی نەتەوەیی کوردستانی جیی باس نییە،چونکە هەر حیزب و لایەک خەریکی بەرنامەی تاکلایەنەی خۆیەتی.

- یەک گوتاری لە پارتەکانی هیچ پارچەیەکی کوردستان نییە.

- سیمبۆل و بۆنە مێژووییەکان،بیروڕای جیاوازیان لەسەر دروست کراوە.

- لە دەرەوەی کوردستان،ناوەند و جڤاتی یەکگرتوو بۆ کورد نییە و هەر حیزبە دوکان بازاڕی خۆی بەڕیوە دەبات.

- پرسە نەتەوەییەکان هێڵی سووریان بۆ نەکێشراوە.

دەیان و سەدان کەموو کوڕی تر هەر نەبێت، لە ئاست هێرش و پەلاماری داگیرکەران یەک سەنگەر و یەک دەست نین. ئەم فاکتەش گەورەترین مەترسییە لەسەر چارەنووسی کورد.

سەرنج: بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە ڕۆژنامەی ئەڵمانی وەرگرتووە.